# كليلى هۆش

ئەمجەد شاكەلی

مەزنترین كارەسات ئەوەیە، مرۆڤ، ئەگەر هۆشی لە جێی خۆیدا بێت و چ گیروگیرفتێكی هۆشەكی نەبێت، هۆش و بیر و دیتنی خۆی، بە كەسێكی دیكە، بسپێرێت و رێگە بە یەكێكی دیكە بدات، لە بری ئەو بیر بكاتەوە. كارەساتی لەوەش مەزنتر ئەوەیە، خەلكانێك هەبن، پێیانوابێت، ئەوان كلیلی هۆشی خەڵكن و لەبری خەڵك بیر دەكەنەوە و هەموو گوتەیەك، كە دیڵێن و هەموو كارێك، كە دەیكەن تەواوی ڕاستییەكانن. سەرانی كورد - دیارە نەك هەر ئەوان بە تەنێ، بەڵكە دەسەڵاتداران و سەرانی زۆرینەی، ولاتانی دنیا و بە تایبەت، گەلانی جیهانی سێیەم و ڕۆژهەڵات- لەوەتەی هەن، كاری سیاسی و بڕیاری سیاسی و بۆچوونی سیاسی و ڕەوشی ئابوورییان، كە هەر هەموو ئەوانە باسگەلێكی چارەنووسسازن و بەندن بە تەواوی گەلی كوردەوە ، لە خەڵكی كورد شاردووەتەوە و دەشارنەوە. ڕەنگە ئەو شێوە ڕەوتارە بە لای خۆیانەوە، كارێكی باش بێت، یا بە "دیپلۆماسیی بێدەنگ"ی دابنێن، كە دەربڕینێكی سیاسییە و زۆرجاران، لە لایەن خەلكانی سیاسەتكارەوە، دەدرێتەدەر و دەگوترێت. زۆرجاران ئەو دەربڕینەم لە سیاسەتكارانی سوێدییەوە بیستووە. من لەو بڕوایەدا نیم، ئەوانەی كورد، لەو ڕوانگەیەوە بۆ مەسەلەكان بچن. ئەوان لە شاردنەوەی ئەو جۆرە باسانەدا، لە خەڵكی كورد، لە ترسی پەردەهەڵماڵینە، لە سەر زۆرینەی كارە ژێربەژێرییەكانیان و پێوەندەكانیان و سامان و داراییان و گرێدراوییان بەم و بەو و ئەوی دیكەوە. ئەوان هەرگیز نەهاتوون، باسە سیاسییەكان، لەگەڵ جەماوەری كورددا، بخەنە بەرباس و گفتوگۆی لەسەر بكەن. تەواوی بۆچوون و بڕیارێكیش، كە دەیدەن، هەر بۆ خۆیان دەیدەن و ناگەڕێنەوە بۆ خەڵك. ڕەنگە ئەوە كەمتەرخەمییەكی خەڵكی كوردیشی تێدا بێت، نەك هەموو كورد، بەڵام زۆرینەی، كە پێیانوایە ئەو دەسەڵاتدار و سیاسەتكار و سەركردانە، بۆ خۆیان، هەموو شتێك دەزانن و هەرگیز هەڵە ناكەن و هەر بڕیارێك بدەن، ئیدی ڕاستە، چونكە لە تێگەیشتن و هۆشیاری و بیرتیژی و ئاوەزەوەیە. زۆرجاران، كە تۆ ڕەخنەیەك لە سەركردەیەكی سیاسی دەگریت، ئەوە هیچ، كە سەدان ئیمەیلەنامەت، لە دەروێشانی ئەو سەركردەیەوە، بۆ دێت و هەموو لەگەڵ ئەوەشدا، كە لە ئەورووپا دەژین، ئەگەر دەستیان بڕوات، كارێكت پێ دەكەن، خۆزگە بە تەورچییەكانی كوردستان بخوازیت، پێت دەڵێن، قابیلە تۆ لە فلان باشتر لە سیاسەت تێ بگەیت؟ یا قابیلە تۆ لە فلان دڵسۆزتر بیت؟ یا ئەوە چەندین ساڵە ئەو فلانە سەركردەیە و چەندین ساڵە سیاسەت دەكات و بۆ خۆی فێرگەی سیاسەتە، تۆ چۆن دەبێت لەو باشتری بزانیت؟ دیارە هیچ یەكێك لە ئێمەی مرۆڤە ئاساییەكان، وەها بانگاشەگەلێك ناكەین، بەڵام دەتوانین پڕ بە زارمان هاوار بكەین و بڵێین، ئێمەش لێی دەزانین و دڵسۆزین و دەتوانین بیر بكەینەوە و مەرجیش نییە، هەر لەبەر ئەوەی ئەوانە سەركردە و سیاسەتكارن، ئیدی هیچ هەڵەیەكیان نەبێت!. ئێستاش خەڵكی وایان تێدا دەبینیتەوە، كە هەرزەكاری بازاڕی سیاسەتە و نەك هەر هیچی ڕاست و باش ناكات، بەڵكە تەواوی كردەوەكانیشی بە زیان، بۆ كوردستان و خەڵكی كورد دەگەڕێنەوە. پیویست ناكات سەركردە و سەرانی كورد، لە ورد و درشتی هەموو باسێك و هەموو پێشهاتێك، لەبری هەموو كورد بیر بكەنەوە، ئەوە بێجگە لەوەی بۆ بەرژەوەندی كورد و مەسەلەی كوردستان زیانبەخشە، هەر بۆ ئەو سەركردانە خۆیشیان سەرێشە و شەكەتبوونی لە دواوەیە. ئەوان ئەگەر لە بڕیار و كارەكانیاندا، نەگەڕێنەوە بۆ خەڵك، بۆ جادە، كۆڵان، خوێندنگە، كارگە، ژن، پیاو، منداڵ، گوند، باژێڕ و نێومالی خەڵكی كورد و گوێ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕانەدێرن، بۆ دەنگی ئەوان، هەرگیز لە ڕێگەی حیزب و میزب و پەرلەمان و کارگێڕی و وەزارەت و چەکدار و....تەواوی ئەو دەسگایانەوە، کە هەموو پارێزگاران و کوتەکی دەسەڵاتن و دەسەڵات هێناویاننە گۆڕێ و نوێنەرایەتیی خەڵک ناکەن، لە خواست و بەرژەوەندە بناخەییەکانی خەڵکی کورد تێناگەن و کارەکانیشیان، هەردەم پێچەوانەی ئارەزووەکانی خەڵکی کورد دەبێت.

2003/9/25



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com